# ڤیستیڤاڵێکی کولتووری عێراقی لە هۆڵەندا
# لەژێر دروشمی: عێراق.. خۆشەویستی

باڵۆزخانەی عێراق لە هۆڵەندا هەردوو رۆژی 14 و 15ی تەمووزی 2007ی داهاتوو ڤیستیڤاڵێکی کولتووری جەماوەری ساز دەکات بە هاریکاری لەگەڵ هونەرمەند و ئەدیب و چالاکەکانی بوارەکانی ئەدەب و هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە..بەبەشداری کۆمەڵێك لە هونەرمەند و رۆشنبیرانی عێراقی کە نیشتەجێی ولآتی هۆڵەندان..

هەردوو رۆژی ڤیستیڤاڵەکە لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆە دەست پێدەکات و هەتا سەعات 10.00ی شەو ئەخایەنێت..

بەرنامەی ڤیستیڤاڵەکە ئەم جۆرە چالاکیانە لەخۆ ئەگرێت:

1- نمایشی موسیقا و گۆرانی و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری..
2- نمایشی شانۆگەری ، ماوەی هەر شانۆگەریەك 20 دەقیقە.
3- چالاکی تایبەت بە منداڵآن..
4- نمایشی جلوبەرگی میللی.
5- خوێندنەوەی شیعر.
6- نمایشی هونەری شێوەکار (تابلۆ و پەیکەرتاشی..هتد)
7- هەر چالاکیەکی تر کە لەگەڵ ئامانجی ڤیستیڤاڵەکە بگونجێ.

پرۆگرامی ڤیستیڤاڵەکە لەسەر سایتی ئالێۆزخانە و سایت و هۆکانی راگەیاندنی دی بلآو دەکرێتەوە..

هەروەها ڤیستیڤاڵەکە لە جۆری کراوە و چوونە ژوورەوە بەخۆڕاییە بۆ بینینی چالاکیەکان ، جگە لەوەی بواری ئەوە هەیە هەر کەسێ لە ئەندامانی جالیەی عێراقی بیەوێت لەو دوو رۆژەدا کەلوپەل و بەرهەمەکانی بفرۆشێت ، وەکوو خواردەمەنی ، بەرهەمی هونەری و ئیشی دەست و کەلوپەلی ناوماڵ ، جلوبەرگ کە ئارم و دروشمی لەسەر چاپکراوە ، کارت و مەدالیا و میزللآن ، جگە لە کتێب و سی دی گۆرانی..هتد..

بۆ ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵەکە لیژنەیەك پێکهێنراوە لە هەر یەك لەو بەرێزانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و جێگیرکردنی چالاکیەکان و وەلآمدانەوەی پرسیارەکان.. رۆژانە ئەتوانن لە سەعات 10ی سەرلەبەیانیەوە هەتا سەعات 16.00ی عەسر پەیوەندی بکەن لەسەر ئەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:

عەلی حەمدانی: 070.3101267

ریاز فەرتووسی: 070.3101285 مۆبایل: 06.14916844

ڤینۆس فایەق

سەلوا بەدەن

ستار ساعدی

نەبیل قەسساب 070.3101285

هەروەها ئەتوانن بە رێی ئیمایلەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن بەم ناونیشانانە

Info@embassyofiraq.nl
Net66net@hotmail.com

ڤیستیڤاڵی عیراق.. خۆشەویستی ، ڤیستڤاڵی هەمووتانە

داواکارین لەگشت ئەندامانی جالیەی عێراقی هاریکاری و بەشداری چالاکانەی بکات بۆ سەرکەوتنی ، بۆ زانین دوا رۆژ بۆ جێگیرکردنی چالاکیەکان 1ی تەمووزی 2007ە

ناونیشانی شوێنی سازدانی ڤیستیڤاڵەکە:

**Open Air Theater Zuiderpark:**
**Henriette Roland Holstweg 100,**
**2533 ST Den Haag**